# ئاهەنگی ساڵرۆژی ژینی نوێ



تیپی هەم ئاوا



ریبوار موختار



ئازادی تیپی گۆران و سۆران حەمەرەش

پەیامنێری ژینی نوێ ـ لەندەن

لە ساڵرۆژی دامەزراندنی ژینی نوێ دا، کارگێرانی بڵاوکراوەکە ئاهەنگێکی گۆرانی، مۆسیقا، هەڵپەرکێ و شیعر خوێندنەوەیان بەست.
ریبوار موختار ئاهەنگەکەی بەرێوە برد. ریبوار بە وتارێک بایەخی ژینی نوێ ی لە ژیانی ئەمرۆی کورددا روونکردەوە.
کەیوان قەزاز بە کیبۆردەکەی چەندین بەزمی بە جۆشی سازدا و بەشدارانی خستە سەمای هەڵپەرکێی هەمەرەنگ. ئازادی تیپی گۆران، بە فلوت و سۆران حەمەرەش بە گیتار چەند پارچە مۆسیقایەکی کوردی ناسکیان سازدا. پاشانیش، سۆران بە گۆرانی "بەینێ لالۆ بەینێ ماوین کە پرێ دەکەینێ" بەشدارانی خستە سێ ریز هەڵپەرکێی بەجۆش. لە نێوان ئەمانیشدا، تیپی مۆسیقای لورستان "هەم ئاوا" بە چەند ئاوازێکی کوردی رەسەن ئاهەنگەکەیان جدیتر کرد. لە کۆتایشدا، مامۆستا ئەحمەد هەردی چەند پارچە شیعرێکی کورتی خوێندەوە، چەند یادگارێکی خۆشی گێرایەوە. بەشداران زۆر بە بێ دەنگی بە گوێی دڵ گوێیان لە مامۆستا هەردی گرت.
سەرنوسەریش لە ناوەندی ئاهەنگەکەدا سوپاسی پشتگیری مەڵبەندی رۆشنبیری کورد ـ لەندەن، تیپی موسیقای هەم ئاوا، کەیوان و ژیلوان قەزاز، ئازاد و سۆران و سەربەست کەرکوکی کرد. سوپاسێکی گەرمی بەشدارانیشی کرد بۆ رێزنانیان لە ژینی نوێ.
ئاهەنگەکە سەرکەوتوو بوو. زۆر لە بەشداران گووتیان یەکەمین جارە پەیوەندی لە نێوان کوردی ئاوارەو بڵاوکراوەیەکدا ئاوا بتەو بێت.
چەند بەشدارێک پێشنیاریان کرد کە ژینی نوێ کۆڕێک بگرێت، تێیدا ژمارەکانی ساڵی رابردوو بە تێرو تەسەلی هەڵبسەنگێنرێت. چەند بەشدارێکی تر هەمەرەنگی ئاهەنگەکەیان لا پەسەند بوو.
ئاهەنگەکە ئاوەڵا نەبوو بۆ هەمووان: خەڵک بانگ کرابوون. تا ئەمرۆش دۆستانمان گلەیی دەکەن کە بانگمان نەکردبوون. ژینی نوێ داوای بەخشین لەگشت لایەک دەکات. ئەوە یەکەمین ئەزموونمان بوو، جاری دی هەمووان بانگ دەکەین.
دەرفەتە کە بەڵێن بدەینەوە کە ژینی نوێ بڵاوکراوەی ئێوەیە بەر لە کارگێرانی.

وێنەکان: کامیرای ژینی نوێ





# ژینی نوێ ئازادی بیروڕاکان بە ستوونی مانەوەی خۆی دەزانێت

ئاسۆ عەزیز ـ لەندەن

ساڵێک بەسەر دەرچوونی یەکەم ژمارەی ژینی نوێ دا تێپەری. بەم بۆنەیەوە ئاهەنگێک لە لایەن دەستەی نووسەرانی ژینی نوێ وە سازکرا.

لە جیهانی رۆژنامەگەریی کوردیدا هەموو کاتێک باسی پێوەندی نێوان خوێنەر و بڵاوکراوەیەک کراوە و دەکرێت. بەڵام ئایا ئەم پێوەندیە تا چ رادەیەک پتەو و باوەر پێکراوە؟ ئایا بڵاوکراوەکە تەنێ بیر لە بەرژەوەندی خۆی دەکاتەوە و راووبۆچوونی خوێنەران دەکاتە قوربانی خۆی و بەرژەوەندیەکەی یان ئازادی بیروڕاکان بە ستوونی مانەوەی خۆی دەزانێت؟
بێگومان ژینی نوێ سەلماندوویەتی کە رێزێکی تایبەتی بۆ خوێنەرانی هەیە، شانازی بەوەوە دەکات کە بتوانێت رۆژ بە رۆژ پێوەندیەکەی بە هێزتر بکات، بۆ ئەم مەبەستەش بەردەوام لە هەوڵدان دایە.
گێرانی ئاهەنگێکی وەها هەنگاوێکی پیرۆز و لە بەرچاوە کە بێگومان تا ئێستا وێنەی زۆر کەمبینراوە. هیوای تەمەن درێژی بۆ ژینی نوێ دەخوازم و هیوادارم بڵاوکراوە کوردیەکانی تریش بەشداری گێرانی ئەم جۆرە ئاهەنگانە بن وەک سەرەتایەک بۆ پتەوکردنی پەیوەندیان بە کۆمەڵگای کوردەوە.



کەیوان و ژیلوان قەزاز



بەشێک لە بەشداربووانی ئاهەنگەکە

